# تاکەی لەراگەیاندنی کوردیش دا بەکوردستان دەلین (شمال) ؟

ئەحمەد دەشتی

گەلۆ زۆر لە مێژە ناوی کوردستانی باشورمان بە ناوی (شمال) لە لایەن نەیاران وبێگانەکانەوە لە جیاتی کوردستان ناو دەبردرێت، کە من پێم وایە ئەم وشەیە وشەیەکی تەمام عەیار تەعریب کراوەو ئەوانەی کە چاویان بە وشەی کوردستان هەل نایەت وشەی (شمال) لە جێگەی کوردستان دا بە کار دێنن، من پێم وایە ئەم وشەیە لە سەر زمانی هەموو ئەوانەی کە بە کاری دێنن لە هەر پایەو شوێن و میللەتێ بن بە تایبەتی لە لایەن عەرەبەکانەوە مەرامێکی شۆڤێنیانەی تیا دایەو خەنجەرێکی ژەهراویشە لە کوردستانی دەدەن و هەستێکە بۆ تەعریب کردنی ناوی کوردستانە کە دەمیان بە وشەی کوردستان هەلنایەت و ناجولێ، پێم وایە کە ئەمەش لە ناخیانیانەوەیە و بە ئەرکێکی سەر شانی خۆیان دەزانن کە کوردستان بە ناوی (شیمال) بەرن، خۆ ئەم وشەیەی (شمال) کە لە جێی وشەی شیرینی کوردستانی ناوی خاکە پیرۆزەکەمان بە کار دێت لە لایەن گەلێ لەوانەی کە هەرگیز حەز لە چارەی کورد ناکەن و وە بە بیر و بۆچوونی تەسکیانەوە یاخود بیرو بۆچونی دوژمنکارانەیانەو نارِاستیانەوە بە کوردستانی ئازیزی ئێمە دەلێن (شمالی عێراق) یان (شمالنائەلحەبیب) تا بلێ زشت و ناشیرینەو من وەك کوردێك کە گوێ بیست دەبم و بە کوردستانم دەلێن (شمال) هەر وەك ئەوە وایە کە گازی سیانیدم پێ وەردبکەن، زۆر لە مێژە ئەم وشەیە بووەتە باوو لە سەر زاری زۆربەی زمانی عارەبە عێراقیەکان بە کار دەبردرێت، تەناەت گەلێ لەو کەسانەی کە لە ناو بەرهەلستکارانی ئێراقیشن دان و خۆیان لە کوردستانیش دەژیان و گەلی کورد ئەو هەموو خزمەتەیان پێ دەکردن و هێشتان هەقیان بە خۆیان نادا کە دەمیان بکەنەوەو بە کوردستانی خاکی باوك و باپیرانمان بلێن (کوردستان) هەروەك بلێی کە گوناهێکی گەورە دەکەن کە وشەی کوردستان ناو بەرن، ئەوان هەمیشە دەلێن (شمالی عیراق) لە جێی ناوە مەزنەکەی کوردستان دا ئەم وشە زشتە و ناشیرینە بە سەر خاکی کوردستانی باشوردا دەسەپێنن، من بەش بە حالی خۆم رِقم لە هەموو ئەوانەیە کە بە کوردستانەکەم دەلێن (شمالنالحبیب) وە ئەم وشەیەش لە گەل کردارە نارِەواکانی هەستی تەعریب دا هاتووەو پێشم وایە کە خودی ئەم وشەیە تەنیا هەستی گلاوی تەعریبی تیا وەدی دەکرێت و هیچ شتێکی تری لەوە زیاتر تیادا نیە و بۆ منی کورد بە زولمێکی گەورەی دەزانم کە لێم دەکەن، خۆی دروست بوونی وشەی شمال و داسەپاندنی بە سەر خاکە شیرینەکەمان دا هەر لە کۆنەوە لە دەمی ئەو کەسانەوە دەردەچوو کە نیازی گلاوی تەعریبیان دا هێناو خاکی زێرِینی کوردستانیان هەر لە سنجارەوە هەتا خانەقین سالەهای سال تەعریب کرد و، خەلکی بە شەرِەفی کوردیان لێ وەدەر ناو تەنانەت ناوی گوندو ناوچە و گەرِەك و هەموو شوێنەواری تریشیان گۆرِی و ناوی عارەبیان لێ نان و عەرەبەکانیان لەو شوێنانەدا نیشەتە جێ کرد کە لانەی باوك و باپیرانمانە ، لە یادمە هەر لە کۆنەوە کە هێشتان مندال بووم، دەم بیست و دەیان گوت حەرامە نابێ ناوی کوردی لە مندالان بندرێت و دەبێ هەموو کوردێ ناوی مندالانیان بە ناوی عارەبی بن و چونکەتەنیا ناوی عارەبی ناوەو هەموو شتێ لە دینەوەش بە عارەبیەوگوناهێکی گەورەیە ئەگەر ناوی مندالان بە ناوی عارەبی نەبێت و دوا رِۆژیش هەر بە زمانی عارەبیەوە لە خەلك دەپرسرێتەوە ، ئەم هەستە شۆڤینیەو پیسە هەر لە کۆنەوە بە سەر خاکی کوردستان و گەلی کورد داسەپێندراوە ، دەیانگوت ناوی کوردی ناو نیە و باوەرِمان دەکرد کە زمانی باوك و باگیرانی خۆمان واز لێ بێنین و تەواوی کوردستان بە ناوی عارەبیەوە تەعریب بکرێت ! ! !ئەم هەستە گلاوەی کە هەر لە کۆنەوە بە سەر گەلی کوردیان دا سەپاندبوو بۆ خۆی تەعریب کردنێکی تەواو عەیارەو بە ناوی دین و ئاینەوە تەعریبیان دەکردین و ناوی شیرینی کوردیان لێ حەرام کردین و هەموو هەست و ناوو بۆچوونێکی کوردیان بە گوناە دەزانی و ئێمەش پیرِەومان دەکردن، چەند خۆش بوو کە ئێمەش ئەمرِۆکە ناوەکانمان کوردی بایەو ناوی عارەبیمان لێ نەبایە ، لە جیاتی عەلی و عومەرو عەبدولموتەلیب ئوسامەو ئەبو هورەیرەوحیشمەتولاو هەزاران ناوی تری عارەبی، ناوی کاوەو سەرداروو هەژارو کاروان و رِزگارو ئازادو هەتا دوایی ناوی کوردیمان هەبایە ، بەلام داخی گرانم بۆ ئەو هەموو مێژووە تال و پرِ لە رِنج و ئازارو داگیرکردن و لە چال نان و کوشت و کوشتار و مێشك شوشتنەوەو چەوساندنەوەو بە زۆری زۆرداری کە بە زۆر ناوەوە بە سەریان دا هێناوین و لە سادە دلی و پاکی و نەزانینی خۆشمانەوە باوەرِمان پێیان هێناون و ئەوانمان بە رِاست زانیوە، ئەوانمان کرد بە براگەورەی خۆمانن و هەموو سەروەت و مال و ژیان و بوونەوەریکیان لێ دزین و ئەم دەردەیان بردین کە ئەمرِۆ هەموو کوردێك هەستی زیاتر پێ دەکات، کێ بێ نەزانێ کە چیان وەسەر هێناوین، دەبینین ئەم هەموو رِەفتارە شۆڤێنیانەو درِندانەیان بە سەر دا سەپاندووین و ئەمرِۆکە بۆمان رِوون دەبێتەوەکە چیان وەسەر هێناوین و چۆن باوکو باگیرانیشیان تالان و دەربەدەر و ئاوارە کردووە ، کە ئەم کارە نامرۆڤانانەیان لە سەر دلی هەموو کوردێکی بە شەرِەفەوە خەنجەرێکی خوێناویە و کە هەتا ئەمرِۆکەش برینەکانمان سارِێژ نەکراوەو ئێستاکەش هەروا خوێنی لێ دێت و

ئێمەی کورد پێیەوە دەناڵێن و گیرو گرفتێکی تا بڵێی زۆریان بۆ گەلی کورد هێناوەتە کایەوە ، ئێستا کە هەموو ناوچە تەعریب کراوەکانیش کە هاتۆتەوە باوەشی دایکی ئازیزمان کوردستانی لە هەموو شتێك خۆشەویسترمان گەلێ شتی ترمان بۆ دەردەکەوێت، ئەمڕۆکە دەبینین کەوا ئازارەکانی تەعریب هەر لە کۆنەوە لە زۆر ڕووەوە چی وەسەر هێناوین، خۆ گەلێ لە مێژە نیازی گڵاوی تەعریب لە هەستی ئەو کەسە عارەبانەی کە دڵیان گڵاوەو هەستیان بۆگەنە دا خولقاوەو هەرچی کە لە دەستیان هاتبێ دژ بە کوردو کوردستانن و زۆربەی زۆریشیان وان، دەبینین کەئەوان هەموو گەلی کورد چۆن چاو لێ دەکەن و بە چاوی خۆمان دیومانەو ئێستاش دەیبینین کە چە بیرو بۆچونێکی خەراپیان هەیە دژ بە کوردو کوردستان، کەمن زۆر بە دەگمەن لە زۆربەی هەرە زۆری کەناڵە عارەبیەکان و سەر زمانی عارەبان دەبیستم کە تەنانەت ئەوانەی دژی سەدامیش بوون زۆر جاران هەمان هەستیان بە رامبەر کورد هەبووەو هەیە ، کامە کەناڵی عارەبی ئێستاش لێ دوانێ پڕ بە پێستی خۆی لە سەر ئەو هەموو گۆڕستانە بە کۆمەڵ نێژراوە باس دەکەن، کامە نوسەری عارەبان لە سەر گەلی کورد هەڵی دایەو باسی ئەنفال و هەڵەبجەو ئەو هەموو جنایەتانەیان لە دژی گەلی کورد کرد؟لە کامە کۆبوونەوەی بە ناو ئیسلام و کۆمەڵی عارەبەکان لە جیهانی عارەبان دا جارێ لە جاران دژ بە سەدامی خوێن ڕێژ لە سەر گەلی کورد هەڵیان دابێ و ڕەفتارە نامرۆڤەکانی سەدامیان بە زوڵم و زۆرداری لە سەر گەلی کورد دا ناو برد ، جارێ لە جاران نابیستم کەعەرەبەکان بە کوردستانی من بڵێن کوردستان، کەچی منیش دۆڵیان بۆ لێ دەدەم و بە برا گەورەی خۆمیان دادەنێم، کەی ئەوان برای منن؟ئەوان لەوەتی هەن ناوی کوردستان بە گوناە دەزانن وخاکی کوردستان بە خاکی عارەبان ناو دەبەن، لەوتی هەن داگیریان کردووم ماڵیان ڕماندووم ئەنفالیان کردووم سەدان هەزار گوندیان بە خاك یەکسان کردووم باوکلاو باپیرانمیان بە کۆمەڵ لە چاڵ ناوە ، ئێمەش دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ هەڵ دەگرین، ئەوان تەنیا وشەی (شمالی عێراق) بە کار دەبەن، من پێشم وایە ئەم هەستە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە لە ڕاستی دا ئەوان دان بە کوردستان و گەلی کورد دا نانێن و ئەوەندە بیر تەسکن کە ئێستاش لێیان بپرسی دەلێن کورد میللەت نیەو مافی ئەوەی نیە کە خۆی بە ڕێوە بەرێت و ببێ بە خاوەن وەلاتێکی سەر بەخۆ و قەوارەیەکی میللی خۆی و مافی بڕیاری چارەنوسی خۆی نیە ! ! ، تەنانەت فیدرالیش بۆ گەلی کورد بە تەواوی دان پیا نانێن و ئەوانەی کە زۆر لێشمانەوە نەزیکن بۆیان بلوێت پێمان ڕەوا نابینن و ئێساش هەر وان .

ئەمڕۆ ئەو سەدامە دکتاتۆرە کە بە دەستی زل هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان ڕووخا ، کە ئەمەش لە باوەڕی کەسێ دا نەبوو کەوا ئەو سەدامە وا بەو شێوەیە لە ناو بچێت و ئاوا تەفرو تونا ببێت، ئەمە بۆ خۆی کارێکی هەتا بڵێی گەورە بوو کە گەلی کورد لە دەست ئەو سەدامە ڕزگاری بوو، کورد کە توانی لایەنگراتی زلهێزەکان بۆ لای خۆیا ڕا بکێشێت و لە ڕاستی دا وەك خاوەن دەسەلاتێك لە کوردستانی باشور دا هاتە مەیدانەوە ، ئەو کوردستانە وێران کراو و خاپوور کراوە کە بە هەزاران هەزارانیان بە ئەنفال و کیمیا باران و کۆمەڵ کوژی و زیندە بە چاڵ لە ناو بردین تەنیا لە سەر وشەی کوردستان و دژایەتی کردنی وشەی (شمال) بۆ کوردستان و داوا کردنی مافە ڕەواکانی میللیمان بوو کە ئاوایان بە سەر هێناین، پێشم وایە ئەگەر کورد هەمیشە زانێن و هۆش بە کار بێنێت ئەمڕۆ دکارێ کە لە سەر خاکە شیرینەکەی خۆی دا بە ئاوات و نیازەکانی خۆی شاد بێت، دەبێ ئەوەندە وریابین کە کارێ نەکەین ئەمجارەش نەزانانە ڕەفتار بکەین و دیسان دوژمنانمان بمان خەنەوە داوی ئەوەوە کە دۆستانی خۆمان بە دوژمن بزانێ و دوژمنانیش بە دۆستی خۆمان دابنێین و دیرۆکی کۆن و دێرین زیندو بکەینەوە و باوو باڵۆرەکانی تاڵ و تفت و دژ بە گەلی کورد باوەڕ بکەینەوە ، وەك کورد گوتەنی دەبێ فێری ئەوە بین هەر ئەقلە لە خەسارێ وەرگرین، دەبێ ئەمڕۆکەبە یەك گرتنێکی تەمام عەیارەوە خۆمان لە هەموو کەسێ زیاتر بۆ خۆمان بین و ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی کە بۆ خەڵکانی کە ئێستاش بە خاکە شیرینەکەمان دەلێن (شمالنەل حەبیب) دەدرێتنخۆی لێ دوور بکەینەوە و خۆمانی زر پێوە خەریك نەکەین و سەرکردەکانمان با لە سەر خاکی خۆمان هەموو کارێ ئەنجام بدەن بۆ خۆمان بین. زۆر جێگەی داخە کە زۆر جار لە کەناڵە کوردیەکان دا لە لایەن خودی کوردەوە وشەی (شمال) بۆ کوردستانی ئازیز بە کار دێت و کەناڵی کوردی هەر وەختە ببێ بە کەناڵی عارەبان، ئەمە بۆ خۆی کارێکی هەتا بڵێی زشت و ناشیرینە کە کورد بە خۆی ناوی خاکی خۆی بکا بە (شما ) من وەکو کوردێك داوا لە هەموو ڕاگەیاندنی کوردان دەکەم و دەڵێم نابێ هیچ شتێکی نارەوا لە سەر خۆمان بکەین بە ماڵ، دەبێ گەلێ وریا بین و خۆمان لە بیر نەکەین. لەم ڕۆژانە لە گەل برادەرێکی خۆشەویستم پیسەمان دەکرد کەئەوبەڕێزە سەر بە حزبی کۆمۆنیستی کوردستانییە زۆر بە تاسەوە گوتی:فیلانی زۆرت گلەیی لە ئێمە دەکرد کە عێراق چیاتی دەکەین ! ! ئەی بۆ لە خۆتان ئەم گلەییە ناکەن ئێستا بەم شێوەیە لە ئێمە زیاتر عێراق چیاتی دەکەن؟منیش تەنیا ئەوەندەم گوت: هەقی خۆتەو ڕاست دەکەی.

ئەمرۆ ڕاگەیاندەنەکانی کوردی زیاتر ڕویان لە عارەبانەو خەریکین خۆمان لەخۆشی ئەوەندە چوونە بەغدا لە بیر بچێتەوە ، خۆ کەنالەکانی ڕاگەیاندنەکانمان وا خەریکن دەبن بە عارەب، بەڕاستی گەلێك جێی داخە کە ئەم وشە ناشیرینە لە لایەن گەلێ لە موزیعەکانی عاربی لە جێگەی کوردستان وشەی (شمال) بە کار دەبەن کە خۆشیان کوردن، پێم وایە دەبێ بە تێ ڕوانینێکی زۆر بەرزەوە بڕوانینە بە کار هێنانی ئەم وشەیە و داسەپاندنی بە سەر کوردستانەوە ، پێم وایە ئەو کوردەی کە بۆ نیشتمانەکەی خۆی وشەی گەنیوی (شمال) لە جێی کوردستان بە کار بێنێ کارێکی زۆر ناڕەوایانە دەکات و یارمەتی ئەو کەسانە دەدەات کە بەخاك و وشەو ناوەوە کوردستانمان تەعریب دەکەن، زۆر جار دەبینین کوردێك لە گەل عارەبێك چاو پێ کەوتن دەکات وشەی (شمال) لە لایەن کوردەکەوە لە جێگەی هەموو ناوی کوردستان زۆر زیاتر لە عارەبەکە بەکار دەهێندرێت کە ئەمە بۆ خۆی هەستێکی تەپیوی نیشتمانیە ، نیشتمانی منی کورد کوردستانە و ئەوەندە مەزنە کە لە بیر کرنی گوناهێکە مێژوویی یە و دیرۆك لەو کەسانە خۆش نابێت کە ئەم ناوە پیرۆزە لە یاد دەکەن و بە (شمال) ناوی دەبەرن و دەزڕێنن، وشەی کوردستان خوێنی هەزاران هەزار شەهیدانی بزوتنەوەی ئازادیخوازیمانە ، وشەی کوردستان لە سەر دلی هەزاران هەزا ڕۆلەی کوردی ژیان نەدیوی میللیمان دا چەسپاوە کە خۆیان لەو ڕێگەوە کردە قوربانی، بە هەزاران ڕۆلەی قارەمانمان ئەگەر نکۆلیان لە وشەی کوردستان کردبایە ئێستاش زیندوو بوون و نە دەکەوتنە بەر شالاوی دەستی دڕندەی نەیارانمانەوەو لە زیندانەکان لە سێدارە نادران، دەبێ بە کار هێنانی وشەی (شمال) لە جێگەی کوردستان بۆ هەمیشە بن بڕ بکرێت، بە داخەوە کە ئەمڕۆ لەم هەلە پیرۆزە دا ئەم وشە ناشیرینەی (شمال) لە جێگەی کوردستان زۆر بە ڕاشکاوی زیندوو کراوەتەوە ، دەبێ هەروەك سەدام و سەدامیان تەفرو توناکران ئەم وشەی (شمال) ەش لە جێی کوردستان دا تەفرو تونا بکەین، دەبێ هەر کەسێ بەروەڕووم لە جێی کوردستان بلێ (شیمال) زۆر باش تێی بگەیێنم و کە (شمال) نیەو کوردستانەو وەلامی بدرێتەوەو و پێی بگوترێ ئەم وشەیە وشەی سەدامیانە و دژ بە کوردو کوردستانە ، ئەگەر گوێشی نەدامی دیارە کە دۆستم نیە ، بە سیەتی وشەی تەعریب دژ بە خاك و نەتەوەکەمان با لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمان توورِ بدەین و بن بڕی بکەین، بە کار هێنانی (شمال) لە جێی کوردستان بە گوناه بزانین، ئەمڕۆ لەم هەلە پیرۆزە دا دەبێ وشەی عێراقچیاتیش لە ناو بەرین، دیگەرانمان هەرگیز لە خۆمان خۆشتر نەوێت و پەند لە ڕابوردووەکانمان وەرگرین، هەروەك شاعیری مەزن و گەورەی کورد ماموستای مەزن و هەمیشە زیندوو هەژاری موکریانی دانیشمەندو نیشتمانپەروەرو شاعیری کورد لەم شیعرەی دا دەفەرموێت و دەلێت:

لە یادمە کەماموەستا هەژار ئەم شیعرەی بە ناوی (قەوانە شڕە ) لە سالی 1968 لەشۆڕشی ئەیلول دا لە پردی گەلالە لە ئاهەنگێکی زۆر مەزن بە یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16 ئابی ئەوسالە دا کە لەو شوێنەوە ئاهەنگەکەمان یەکسەر بۆ ئێزگە ئنەقل دەکرد بە دەنگی خۆی خوێندیەوەو چەند جارێ داوای لێ کرا کە دوو بارەی بکاتەوە و ئەو هەموو جەماوەرە بەوپەڕی خۆشەویستیەوە ئەوپەڕی ڕێزیان لە هەژاری نەمردەگرت. هەزاران سلاو لە گیانی پاکی ئەو ماموستایە نەمرەو سەروەرەمان.

## قەوانە شڕە

بوو بە هەزارو چواردە ساڵ
لە گەل عارەب بووینە یەك ماڵ
خێوی قیبلەو کتابێن
وەك دەڵێن بەرە بابێکین
بەلام ئەو برا ئیسلامەم
ئەو کاکە نێرە زەلامەم
هەرچی هەمبوو بردی بۆ خۆی
منی کوشت بە هەرزن و جۆی
بە فەرموودەی ئەو لە ژینا
هاوبەشین لە شایی و ژینا
شین بۆ من و شایی بۆ ئەو
من ئەبێ لەڕ بم و ئەو قەلەو
ئەگەر داوای نان و ئاو کەم
ئارەزووی بەرگو پێلاو کەم
بلێم برای هاودینەکەم
هاوڕێکەی لە مێژینەکەم
بە ناشکوری نالێم براین
نا چاریان کردم تێك خراین
لە ڕێگەی خواو قورئانەکەت
خێری دین و ئیمانەکەت
سەدیەکێ لە داهاتەکەم
چۆرێك شیری ولاساتەکەم
هەزار یەکێ لە نەوتی خۆم
پێم کەرەم کە بێ نان و دۆم
با بەس کوێر بم بێ ڕوناکی
با پێت بلێم کاکی چاکی
ئەلێ هەی لە دین وەرگەڕاو
کوردوبەرگو نان و پێلاو
وە دیارە بویتە شعوبی
ئەبێ لە ڕێگە دەرچووبی
هەر لە شێخی ئەزهەرەوە
کێ مێژەری بە سەرەوە
مڕ دەکرێن لە گۆشت و پلاو
پڕ دەکرین لە پول و دراو

وەها تیژ دەبن سەر دەکەن
فوتوای کوفرم بۆ دەردەکەن
پاش فوتوا لەم کوردستانە
فڕۆکە و بۆمبا بارانە
زۆرلە سەری دەڕوات و دەلێت:
ناچارم دەکەن بێمە دەنگ
پەلامار بەرم بۆ تفەنگ
دوژمن خۆی ناگرێ لە بەرم
خوێنیان ڕا دەمالێ تەرم
ئەمجارەش وەك هەزاران جار
قەوانە شڕە دەخاتەکار
دیسان مەلاو ئایەت دێنن
لە سەر ئێزگە بۆم دەخوێنن
عارەب و کورد برای دینن
هەروەك دوعاو یەك ئامینن
منیش بەستەزمان و فەقیر
دیسان لە تەپکە ئەکەم گیر
بە دوو درۆ دەمخافلێنن
هەتا دەرفەت وەدەست دێنن
دیسان ئەو زوڕناو ئەو پێکە
دیسان هەمان فاك و فیکە
ئاخر نلێم جارێك دووان
تاکەی ببمە مەڕی بێ شوان
تاکەی بە درۆ دەسخەرۆبم
هەتاکەی هەر ڕەنجەڕۆ بم
بۆچ بکوژرێم من ڕەوایە
تاکەی سەما بەو هەوایە
بۆچ نەبمە خێوی نانی خۆم
بۆ نەخوێنم بە زمانی خۆم
بۆ نەوتی خۆم وەدەست نەخەم
بۆ خۆم ڕزگار نەکەم لە خەم
بۆچ مالی خۆم دیار نەبێ
بۆ بەشم یەکجاری نەبێ
من چیم هەیە با لەلام بێ

عارەب بڕواو هەر ئیسلام بێ

لە خاکم دەرچێ و لە ڕێدا
قەوانە شڕەی خۆی با لێدا
ئەو ڕۆژەی چارەی نابێنم
خاوەنی ژیان و دینم
تا کەنگی برسی و لە ژێر یم
با تاوێك ئیسلامی تێر بم
ئەگەر کوردیش بن بە پیاو
وەك گەلانی خودا پێ داو
هیچ زیانی بۆ پەز نابێ
قەت لە لای خوا ناحەز نابێ

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی ئەو ماموستاو شاعیرەمەزنە کوردەی کە هەتا هەتایە نامرێت و ناوی بەرزی هەر زیندووە و لە ناو دل و دەروونمان دایە .

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**